## مێژووی هاوچەرخی

# شاری بۆکان و ناودارانی




نووسینی جەعفەر قزڵجی

وەرگێڕان و ئامادەکاری ئەنوەر سوڵتانی

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | مێژووی هاوچەرخی شاری بۆکان و ناودارانی |
| نووسینی | جەعفەر قزڵجی |
| وەرگێران و ئامادەکاری | ئەنوەر سوڵتانی |
| کاری تایپ | ئە. سەدری |
| دیزاین و کامپیۆتێر | برایم فەرشی |
| چاپی یەکەم: | ماڵپەری بۆکان – رۆژهەڵات 2006 www.rojhalat.de |
| چاپی دووهەم | بنکەی ژین، سلێمانی 2007 |
| رووبەرگ: | وێنەی شاری بۆکان(ساڵی 1335) سمایل خانی فەروخی بۆکانی |

| **پێرست** | **لاپەڕە** |
| --- | --- |
| پێشەکی | 4 |
| مزگەوتی گەورەی بۆکان | 5 |
| سەردار حەمە حسێن خانی سەردار موکری | 8 |
| سەردار عەلی خانی سەردار موکری | 10 |
| مەلا محەممەدی تورجانی | 12 |
| مەلا عەلی قزڵجی | 15 |
| مەولانا مەلا محەممەد حەسەن قزڵجی | 16 |
| مەلا محەممەد سادق قزڵجی | 18 |
| سەیید محەممەد موحسین قازی موکری | 22 |
| کەریم موکری یار | 24 |
| شەجەرەنامە | 28 |
| ڕاگەیاندنی ماڵپەری بۆکان – ڕۆژهەڵات | 29 |

**پێشەکی**

ڕێزدار جەعفەر قزڵجی کوڕی مەلا محەمەد سادق قزڵجییە کە بە قازی کاکە حەمەی بۆکان ناسراو بوو. قازی، ئەندامێکی بنەماڵەی زانست پەروەری قزڵجی و تورجانی زادە بوو کە لە بۆکان و گوندی تورجان دەژیان و دەژین.

کاک جەعفەر بە شێوەیەکی سروشتی لە رووباری زانستی بنەماڵەکەیاندا پەروەردە بوە و ئۆگری شیعر و ئەدەب و مێژووە و لە ژوور ئەوانەشەوە مرۆڤێکی قسە خۆش و خوێنگەرم و لەبەردڵانە ـ کە زۆر کەم واهەیە کەسێک لە بۆکان نەیناسێ و قسەی خۆشی لەگەڵدا نەکات.

کاک جەعفەر کە مامۆستای خانەنشینی قوتابخانەیە و منالێکی زۆری بە چێژی زانست گۆچ کردوە، لەم ساڵانەی دواییدا چەند بەرهەمێکی ئەندامانی بنەماڵەی خۆیانی لە فەوتان رزگار کردوە و لە گۆڤارە کوردییەکانی چاپی ناوخۆدا بڵاو کردوونەتەوە. هەروەها زانیاریی بەنرخی لەسەر مێژووی مزگەوتی بۆکان و قەڵا و گومبەزی سەردار خستۆتە بەر دەستی خوێنەر – کە واهەبوو ئەگەر ئەرک و زەحمەتی ئەو و خەڵکانی وەک خوالێخۆشبو برایمی ئەفخەمی نەبوایە، لە پەردەی فەرامۆشیدا بمایەنەتەوە و نەوەکانی دوارۆژ دەستیان پێ رانەگەیشتایە.

کارە نایابەکانی کاک جەعفەر لەمەڕ مێژووی بۆکان بەداخەوە پچرپچر و تاک تاکن، هەر بۆیەش ئێستا، کە من بەختی ئەوەم هەیە وێنەی کارەکانیم لەبەر دەستدا بێت، بەهۆی گرنگایەتییانەوە، سێ و دووی لێ ناکەم و هەوڵ دەدەم گەورە و بچووکیان بەبێ هەڵاواردن لە چەند وتارێکدا کۆ بکەمەوە و پێشکەشی خوێنەر و بینەری سایتی بۆکانی بکەم. هەروەها ئەگەر بە فارسی نووسرابێتن دەیانکەمە کوردی و هەر وێنەیەکیشیان لەگەڵدا بێت بڵاوی دەکەمەوە.

بەهۆی پێوەندیەکی دوور و ناڕاستەوخۆ کە لەگەڵ کاک جەعفەرم هەیە، رەنگە نەتوانم روونکردنەوە و پەراوێزی پێویست بۆ زۆریەک لە بابەتەکان بنووسم یا سەرچاوەی زانیارییەکان رابگەیێنم، بەڵام هەوڵ دەدەم لە قۆناغێکی کارەکەدا تکا لە خۆی بکەم زانیاری زێدە و روونکردنەوەی پێویستمان بۆ بخاتە توێی وتارێکەوە ئەویش لە درێژەی کارەکەدا بڵاو بکەینەوە.

ئەوبابەتانەی وا لەبەر دەستی مندان، بریتین لە:

1 - ژین نامەیەکی کورتی سەردار حەمەحسین خان
2 - ژین نامەیەکی کورتی سەردار عەلی خان
3 - ژین نامەی خوالێخۆشبوو قازی کاکە حەمە
4 - ژین نامەی مەولانا مەلا محەمەد حسن قزڵجی
5 - ژین نامەی خوالێخۆشبوو سید محەمەد موحسین قازی موکری
6 تا 9 - وێنەی بەردەنووسی سەر گڵکۆی چوار کەسی یەکەم (1 تا 4ی سەرەوە)
10 - وێنەی بەردەنووسی گڵکۆی خوالێخۆشبوو مەلا عەلی قزڵجی
11- ژین نامە و پارچە شیعرێکی خوالێخۆشبوو مەلا محەممەدی قزڵجی
12- پارچە شیعرێکی قازی کاکە حەمەی بۆکان لە شیوەنی کۆچی دوایی سەیفولقوزاتدا (پێویستە بڵێم ئەم شیعرەی گەیشتۆتە دەستی من تەنیا 16 فەردە، لەکاتێکدا من سەرجەمی فەردەکانی ئەو قەسیدە درێژەم هەیە و بەتەمام لەگەڵ روونکردنەوەیەکەدا بڵاوی بکەمەوە. ئەنوەر)
13 - پارچە شیعرێکی فارسی خوالێخۆشبوو قازی کاکە حەمە بۆ بەردی گڵکۆی باوکی (واتە مەلا محەممەد حەسەنی قزڵجی)
14 - پارچە شیعرێکی سەربازێکی ونی خەباتی کوردایەتی واتە نەمر "کەریم موکری یار" کە بۆ شەهادەتی پێشەوا و سەدر و سەیفی قازی کوتوە و تێیدا هێرشی کردۆتە سەر فەتوادەران بەتایبەت "مەلا خەلیلی گۆڕۆمەر" – کە دوا بەدوای خەباتی دژبە رژیمی رەزاشای پەهلەوی بایدایەوە و لایەنگریی رژیمی پەهلەوی دەکرد.
15 -مێژووی دروست بوونی مزگەوتی جامعی بۆکان.
16 - وێنەیەکی تاکەکەسی خوالێخۆشبوو مەلا محەممەد سادق قزڵجی (قازی کاکە حەمە) بە یادداشتێکی کورتی پشت وێنەکەوە.
17 - وێنەیەکی گومبەزی سەردار لە بۆکان.

ئەنوەر سوڵتانی

## بابەتی یەکەم

وتارێکی کورت بەڵام بە کاکڵە سەبارەت بە مێژووی دروست بوونی مزگەوتی جامیعی بۆکان و پێش نوێژ و بانگدەر و مجێورەکانی لە سەرەتاوە تا ساڵی 1372ی کۆچی هەتاوی واتە 1993ی زایێنی کە بە فارسی نووسراوە. ئەوەش وەرگێراوە کوردییەکەیەتی. زیادکراوەکانی من خراونەتە ناو دوو تەلبەند [...]ەوە:



# مزگەوتی گەورەی بۆکان

بسم الله الرحمن الرحيم
شەرحی بینا دانان و دامەزرانی مزگەوتی جامیعی بۆکان و ئیمامانی جومعە و بانگدەر و مجێورەکانی لە سەرەتاوە تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە
بناغە دانانی مزگەوتی جامیع بە فەرمانی سەرداری شەهید حەمەحسین خانی موکری کوڕی سەیف الدین خان و نەوەی خوالێخۆشبوو سەردار عەزیز خان (سەرداری کوللی هێزەکانی ئێران لەسەردەمی ناسرەددین شای قاجار)، لە ساڵی 1319ی کۆچی مانگی [ = 1901/2] دەستی پێکرا و لە هاوینی ساڵی 1321ی مانگی [ = 1903/4] بەدەست "وەستا عەلی" ناو کۆتایی پێ هات و جەنابی مەولانا مەلا محەممەد حەسەن ئیبن قزڵجی وەک یەکەم ئیمامی جومعە و مودەڕڕەس، دەستی بە ئیمامەت و دەرس گوتنەوەی زانستە ئایینیەکان و خزمەت بە خەڵک و کۆمەڵگای سەردەمی خۆی کرد. ناوبراوی خوالێخۆشبوو لە ساڵی 1327ی مانگیدا کۆچی دوایی کرد [ = 1909] و چوە دیداری خودا.
دوای ناوبراوی بەڕێز – واتە خوالێخۆشبوو مەولانا مەلا محەممەد حەسەن ئیبن قزڵجی، کوڕەکانی یەک لەدوای یەک و بە تەرتیب بوون بە ئیمام جومعە و جێگری باوکیان، کە بریتین لە:

خوالێخۆشبوو مەلا عبدالرحمانی قزڵجی؛
خوالێخۆشبوو مەلا عەلی قزڵجی؛
خوالێخۆشبوو مەلا محەممەد سادق؛


[خوالێخۆشبوومەلا محەممەد سادق قزڵجی] ناسراو بە قازی کاکە حەمەی بۆکان، بۆ ماوەی 41 ساڵ دوای کۆچی دوایی باوکی بەڕێزیان خەریکی پەرەپێدانی ئایین و زانست و خزمەتی خەڵک و کۆمەڵگا بوە تا ئەوەی لە ساڵی 1326ی هەتاوی [دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان] تووشی ڕاونران دەبێت و هەڵدێت. ئینجا خوالێخۆشبوومەلا ئەحمەدی وەحیدی – کوری حاجی مەلا ساڵحی سەردەرابادی و خەلیفەی حەزرەتی شێخی حسام الدین بۆ ئیمامەتی جومعەی بۆکان دەست نیشان دەکرێت و 31 ساڵی ڕەبەق خزمەتی خەڵک دەکات. تا ئەوەی لەساڵی 1357ی هەتاوی [1978] دا جەنابی حاجی مەلا عەبدولرحمانی خەلیفەزادە کوڕی خوالێخۆشبوومەلا محیەددین یەک لە نەوەکانی خەلیفەی نستانی سەردەشت بە ئیمامەتی جومعەی مزگەوتەکە دادەمەزرێت، کە ئێستاش لە ژیاندایە و لە خزمەت کردنی خەڵک و پەرەپێدانی ئایین کۆتایی نەکردوە، خوداوەند درێژە بە تەمەنی بدات.
[جگە لە] ئیمامانی جومعە، ئەم کەسانەی خوارەوە یەک بەدوای یەکدا، وەک بانگدەر [موئەززین] و مجێوری مزگەوتەکە، خزمەتی کۆمەڵگایان کردوە.

الف) **بانگدەرەکان:**

1- خوالێخۆشبووحاجی شێخ سەعید سەعیدی یەکەم موئەززین؛
2- خوالێخۆشبوومەلا مستەفا حافیزی؛
3- خوالێخۆشبوومەلا عەبدوڵڵا کوڕی مەلا مستەفا حافیزی؛
4- جەنابی مەلا محەممەدی تاهیرئازەر کوڕی شێخ باقی حەمامیان کە ئێستا لە ژیاندایە و موئەززینی مزگەوتی بازارە [لە بۆکان]؛
1- خوالێخۆشبوو مەلا عەبدولرحمانی وەحیدی کوڕی حاجی مەلا ساڵحی سەردەرابادی؛
2- جەنابی مەلا رەسووڵ جانی کوڕی ئیسماعیل.

ب) **مجێورەکانی مزگەوت:**

1- مام کەریم عوسمان زادە؛
2- مام رەحیم براخاس؛
3- مام عەلی نەعلبەندی؛
4- حاجی حەمە رەشیدی براخاس کە بۆ ماوەی 67 ساڵ و
5- کاک حەسەنی نەعلبەندی ماوەی 63 ساڵ خزمەتی کردوە و ئێستا لە ژیاندایە؛
6- کاک قاسم عەبدوڵڵا پوور.




بسم الله الرحمن الرحیم
شرح بنا و سال تاسیس مسجد جامع بوکان و امامان جمعه موذنین و خادمین از اول تا حال تحریر

مەلا محەممەد سادق قزڵجی

**پەراوێز**

هەندێ روونکردنەوەی من سەبارەت بەم نووسراوەیە:

1- دەقی ئەسڵی نووسراوەکە لە بیچمی تابڵۆیەکدا پێشکەش بە مزگەوتی جامیعی بۆکان کراوە و لەوێ بە دیوارەوە دراوە؛
2 - دەقی سەرەکی نووسراوەکە بە فارسی نووسراوە و من کردوومەتە کوردی؛
3 - لە سێ کوڕانی خوالێخۆشبوومەولانا مەلا محەممەد حەسەن ئیبن قزڵجی کە لە سەرەوە ناویان براوە، مەلا عەبدولرەحمان لە گوندی شیلاناوێ نێژراوە و دوو کەسەکەی دیکەیان لە گومبەزی سەرداری بۆکان نێژراون؛
4 - دوو کەس لە مجێورەکانی مزگەوت کە لە کاتی نووسرانی یادداشتەکەی کاک جەعفەر دا زیندوو بوون، ئێستا کۆچی دواییان کردووە: حاجی حەمەرەشیدی براخاس و کاک حەسەنی نەعلبەندی (حەسەن مەلوو)؛
1 - حاجی حەمەرەشیدی براخاس کوڕی مام رەحیمی براخاس بوو؛
2- کاک حەسەنی نەعلبەندی کوڕی مام عەلی نەعلبەندی بوو؛ واتە کوڕ جێگای باوکی گرتۆتەوە. ئەم پەیوەندی باوک و کوڕ یا شێوەی دیکەی خزمایەتی لەناو موئەززینەکانیشدا بەرچاو دەکەوێت وەک مەلا عەبدوڵڵای حافیزی کەدوای مەلا مستەفای باوکی بوو بە موئەززین.
3- بەهەمان شێوە، پەیوەندی خزمایەتی لەنێوان مەلا ئەحمەدی وەحیدی(ئیمامی جومعە) و مەلا عەبدولرحمانی وەحیدی(موئەززین) هەبووە کە برای یەکتر بوون و دوابەدوای مەلا ئەحمەدی وەحیدی مەلا عەبدولرحمانی خەلیفە زادە بووبە ئیمامی جومعە بۆکان کە ئەویش خوشکەزای مەلا ئەحمەدی وەحیدی یە. هەروەها دوای مەولانا مەلا محەممەد حەسەنی قزڵجی سێ کوڕی بوون بە ئیمامی جومعەی شار.

## بابەتی دووهەم

کاک جەعفەر ئەم تەتەڵەیەی بە یارمەتی وەرگرتن لە سەرچاوەی جیاجیا نووسیوە، کاک کەماڵ محیەددینی بە خەتی خۆش نووسیویەتەوە و بە دیواری"گومبەزی سەردار"ی بۆکانەوە لای گڵکۆی سەردار حەمەحسێن خان دراوە. بابەتەکە بە فارسی نووسراوە و من کردوومەتە کوردی.


# سەرداری شەهید

# محەممەد حسێن خانی موکری



بسم الله الرحمن الرحیم
شەرحی حاڵی سەرداری شەهید محەممەد حسێن خانی موکری
محەممەد حسێن خان، سەرداری شەهید، کوڕی سیف الدین خان و نەوەی خوالێخۆشبوو سەردار عەزیزخانە، سەرداری شەهید محەممەد حسێن خان لە ساڵی 1297ی کۆچی[=1879/80ز] لە بۆکان لە دایک بوە و لە داوێنی دایک و بابی بەڕێزیدا گەورە کراوە، لە تەمەنی 6 ساڵییەوە لە بۆکان نێردراوەتە بەر خوێندن. دوای کۆچی دوایی باوکی لە لایەن حکوومەتی ئەو کات[ئ ئێران]ەوە، واتە لە سەردەمی ئەحمەد شا و موزەففەرەددین شای قاجار دا، حوکمی ناوچەکانی مەهاباد، سەردەشت و بۆکانی پێ دراوە و بە هۆی ئەوەوەی کەسێکی بەڕێوبەر و خاوەن بیرولێهاتوو بوو، جێگەی ڕێزلێنانی خەڵکی ناوچەکە بوە و لە ماوەیەکی کورتدا بۆتە ناسیاوی خاس و عام.
دوای شەڕی جیهانی یەکەم بە هۆی لایەنگری کردنی حزبی هیوای کوردستانی عێراق و پەنا بەخشین بە شێخ مەحمود[ی بەرزەنجی] لە لایەن حکوومەتی عوسمانی – تورکیای ئێستاوە، گیراوەو هاوڕێ لە گەڵ حەمەخانی بانە سەیفەددین خانی سەقزدا، بە فەرمانی سەرەک ئەرکانی حەرب کە ناوی حیلمی بەگ و فەرماندەی قشوونی عوسمانی لە ناوچەکە بوە، لە مەراغە ئیعدام دەکرێت. ئەم ڕووداوە لە ساڵی 1333ی کۆچی مانگی(1914/15ز) ڕووی داوە و سەرداری شەهید محەممەد حسێن خان بە گوێرەی وەسیەتی خۆی لە تەنیشت مەرقەدی مەولانا مەلا محەممەد حەسەن ئیبن قزڵجی دەنێژرێت.

ڕۆحی شاد و ڕەوانی هەمیشەیی بێت



هاوڕێ لە گەڵ ئەم نووسراوەیە، وێنەیەکی گومبەزی سەردار و وێنەیەکی سەردار حەمە حسێن خان هەیە و وێنەیەکیش لە بەردی گڵکۆکەی لە گومبەزی سەرداری بۆکان. کاک جەعفەر پێی گوتم کە ئەو گومبەزو بارەگایە دوای شەهادەتی سەردار لە لایەن" حوسنی جیهان خانم" دایکی سەردارەوە بە دروست کردن دراوە، حوسنی جیهان خانم برازای سەردار عەزیز خان و کچی موزەففەرئەلسوڵتان بوە. موزەففەرئەلسوڵتان بابی ئەمیر تومان و باپیری سمایل خانی فەرڕوخی بوو. سمایل خان ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بوو پاشان چوە ناو حزبی دێموکراتەوە و لەوێدا پلەی سەروانی پێ درا، دوا بە دوای هەرەسی کۆماری کوردستانیش لە لایەن بنەماڵەی ئاغاکانی بۆکانەوە پارێزگاری لێ کراو نەگیرا.




ئەوەش دەقی بەردنووسی گڵکۆی سەردار بە فارسی:

"آرمگاه ابدی مرحوم محمد حسین خان سردار مکری، ابن سیف الدین خان سردار مکری، ابن عزیزخان سردار کل عساکر منصوره و وزیر جنگ که از رجال برجسته حکومت وقت مهاباد و سردشت و اشنویه را[داشت]، در سال 1333 هجری قمری(1914/15) به جرم وطن خواهی و ایران دوستی بدست دژخیمان ترک عثمانی شهید گردید"

## بابەتی سێیەم

کاک جەعفەر خزمەتێکی بەر چاوی کردوە و ئەویش نووسینی ژین نامەی ئەو کەسانەیە وا لە گومبەزی سەردار لە بۆکان نێژدراون. لێرەدا دەقی ئەو ژین نامەیە دەهێنم کە ناوبراو بۆ سەردار عەلی خان-چوارەمین و دوایین سەرداری بۆکانی نووسیوە، ئینجا وەک تابلۆیەک لە لای گڵکۆی سەرداری داناوە. ئەم یادداشتانە بە فارسی نووسراون. ئەوەی لە بەردستی مندایە، وێنەیەکی فۆتۆگرافی ئەو ژین نامەیەیە کە لە لایەن"عە ککاسی دیجیتاڵی پەیام"ەوە هەڵگیراوە. زۆربەی وێنەکانی دیکەش هەر کاری هەمان عەککاسی دیجیتاڵی پەیامن.



## سەردار
## عەلی خانی سەردار موکری

عەلی خانی سەردارموکری دوایین سەرداری بۆکان و چوارەمین سەرداری ناوداری کورد، لە کاتی مردنی محمد حسین خانی باوکی دا، لە روسیای قەیسەری لە زانکۆی عەسکەری دەرسی پسپۆڕایەتی سوپایی دەخوێند، عەلی خان لاوێکی جوان چاک و رازاوە و خوێندەوار بوە هەر ئەوەندەی هەواڵی شەهیدبوونی باوکی بیستوە، ئیجازەی لە دەوڵەتی رووس وەرگرتوە، گەڕاوەتەوە ئێران و لە جیاتی باوکی کاروباری گرتۆتە دەست. بە گوێرەی داب و نەریت و هەروەها بە هۆی لێهاتوویی سەردارەکانەوە، لە لایەن دەوڵەتی ئەودەمە[ی ئێران] نازناوی سەردار و حوکمی ساوجبلاغی موکری و دەوروبەری پێ درا و دەستی بەکار کردوە.
سەردار عەلی خان وەک باوکی خۆی میهرەبان و پارێزەری رەعیەتەکانی بووە و دەستی بەخشندەیی هەبووە. بە هۆی زیادە ڕۆیی لەم کارەدا، هەروەها بە هۆی سەفەری زۆر وخەرج و مەخاریجەوە تووشی قەرزداری هات و مەجبووربوو ملک و ماڵی بە میراث پێگەیشتووی خۆی بفروشێت و لە بۆکانەوە کۆچ بکات بۆ گوندی سەردەراباد. کچێکی ئەرمەنی هێنا و دەستی لە ئیش و کاری حکوومی کێشایەوە. لە سەردەمی حوکمی ئەودا و لە ناوچەی ژێردەستەڵاتیدا، عەشایری پشدەری عیراق بە سەرۆکایەتی بابەکرئاغای پشدەر دەست درێژییان کردە سەر سنووری سەردەشت و سەردار عەلی خان ڕووبەڕوویان بوەوە و هەوڵی دەرکردنی دان.
عەلی خان دوای ئەوەی بۆکانی بە "منصورالدولە"ی تاجری تەورێزی فرۆشت و عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەدی دێبوکری هاتە بۆکان، لە سەرەتاکانی سەڵتەنەتی پەهلەویدا تووشی نەخۆشی"خونناق" هات و لە تەورێز عیلاجی نەکرا.
سەرئەنجام لە مانگی رەجەبی ساڵی 1315 دا لە تەورێز وەفاتی کرد[ی 1894ز] بە هۆی ئەو راستیەوە کە گڵکۆی باوک و بنەماڵەکەی لە بۆکان بوو، دۆست و برادەرەکانی هێنایانەوە بۆکان و لە"گومبەزی گەورە" واتە گۆرستانی بنەماڵەیان لە بۆکان ناشتیان. مردنەکەی بوە هۆی کە سەر و خەمی خەڵکی بۆکان. بۆ تاریخی مردنی ئەم فەردە شێعرەیان لە سەر گڵکۆکەی نووسیوە:
" درماه رجب سردار علی خان مرد، وقتش نبود یاحق الامان"
دوای مردنی ئەم سەردارە گەنجە، زنجیرەی سەردارەکانی بۆکان کۆتاییان پێ هات و لە بەرئەوەی سەردار عەلی خان سەرەڕای چەند جار ژن هێنان، هیچ منداڵێکی نەبوو، ئیتر میراتی بە خوشکەکانی برا، و دوای مەرگی خوشکەکانی لەم ساڵانەی دواییدا، پاشماوەیەک لە بنەماڵەی گەورەی عەزیزخان نەمایەوە و ژیانی" سەرداری"ش [لە بۆکان] کۆتایی پێ هات، تەنیا ناوێکی باشیان لێ مایەوە. رۆحیان شاد و ناویان هەمیشەیی بێت:

گر بماند نام نیک از آدمی      به کز وماند سرای زرنگار
لە بەر ئەوەی دنیا بەقای بۆ نییە و نابێت و بەرهەمی تەمەن هیچ نییە جگە لە"ناوی چاک و خێرات".




هاورێ لە گەڵ نووسراوەکە، وێنەیەکی سەردار عەلی خان هەیە، کە لێرە دا دەکەوێتە بەر چاوی خوێنەر. کاک جەعفەر هەروەها وێنەی بەردی گڵکۆی سەردار عەلی خانیشی ناردوە کە بە داخەوە باش ناخوێنرێتەوە. من هەوڵم دابیخوێنمەوە و ئەگەر هەڵەم نەکردبێت ئەم دێرانەی لە سەر نووسراوە:

" کل نفس ذائقه الموت
آرامگاه ابدی مرحوم
علی خان سردار مکری
ابن محمد حسین خان سردار مکری
ابن سیف الدین خان سردار مکری
ابن عزیز خان سردار کل"

## بابەتی چوارەم

کاک جەعفەر لە نێو یادداشتەکانی خۆیدا فۆتۆکۆپی 3 لاپەڕە کتێبی تۆمار کردوە کە دەڵێ لە کتێبی"کەشکۆڵی موکریانی" کۆپی کراون . ئەم لاپەڕانە باسی ژیانی"تورجانی" دەکەن و وێنەیەک و پارچە شیعرێکیان لەگەڵە کە نیشاندەری هەستی نەتەوایەتی بەهێزی شاعیرەکەیەتی. من دەقی هەرسێ لاپەڕەکە و پەراوێزەکانی لێرەدا دێنمەوە بەڵام ئەوەی پێویستە بزانرێت ئەوەیە کە "تورجانی" یا "تورجانی زادە" لە راستیدا مەلا محەممەد تورجانی زادەیە کە لە مێژووی رۆژنامەنووسی کوردیدا بە سەر پەرشتی رۆژنامەی"رۆژی کورد" یاخود"رۆژی کورد و شەوی عەجەم" ناسراوە کە لە سەردەمی حوکمی سمایل ئاغای سمکۆدا لە ورمێ دەرچوە. ئەوەش دەقی هەر 3 لاپەڕەکانی کەشکۆڵی گیو:



## مەلا محەممەد تورجانی

**" تورجانی**

نێوی مەلا محەممەد، کوڕی مەلا محەممەد حسین، کوڕی مەلا عەلی قزڵجی، کوڕی مەلا محەممەد، کوڕی مەلا عەلی، ناوی خانەوادەگیان"قزڵجی"یە، لە 14ی محەرەرەمی ساڵی 1313[سەرەتای هاوینی 1895ی زایینی] لە سابلاخ لە دایک بوە، تەحسیلاتی لە خزمەت باوکیدا بوو، لە 18 ساڵیدا ئیجازەی وەرگرتوە.

لە بەرهەمەکانی:

1- " لە موادی ئەحواڵی شەخسیی لە فیقیهی شافیعی دا"، لە میسردایناوە و هێشتا چاپ نەکراوە،(بە واتا تا ساڵی 1944 چاپ نەکراوە)،

2- "التعریف فی احوال مساجدالسلیمانیه"، لە عێراق چاپ کراوە و بە زمانی عەرەبییە.

3- "چل فەرموودەی پێغەمبەر"، لە عێراق چاپ کراوە و بە زمانی کوردییە.

پەراوێزەکانی کتێبەکە:

مامۆستا محەممەد جەمیل رۆژبەیانی سەبارەت بە بەسەرهاتی مەلا محەممەد قزڵجی دەڵێت:

"مەلا محەممەدی قزڵجی پاش ئەوەی لە کوردستان بە قوتابخانەکاندا گەڕاوە و بوە بە موستەعید، جا رووی کردۆتە سوریە و لەوێوە چوە بۆ قاهیرە. لە سووریە لە لای مەلا کوردەکان و لە قاهیرەش لە ئەزهەر خوێندوویەتی

(کوردستان[ موکریانی])

ئەوەش شیعرەکەیە:

هەی تازەجەوان، هەستە لە غەفڵەت ببە بێدار!
دەستی بدەرە دەستەی شمشیری شەڕەردار
بۆ دەفعی عەدووت لەم وەتەنە خوێن بڕژێنە
بستێنەوە ئەم مەدفەنی ئابات بە ئیدبار [؟]
ئەم مەوتەنی والایە کە چاتر لە بەهەشتە،

قوربانی بکە ڕۆح و حەیات و زەڕودینار
ئیفاقی بکە دەوڵەت و سەروەت بە تەواوی
بۆ ڕێگەیی ئیبقای وەتەن، خزمەتی ئەحرار
***
تا چەندە تەغافول دەکەی و سەبر و تەحەممول
بۆ حیفزی حقووقت بکە کۆشش، مەبە بێزار
بۆ حیفزی وەتەن هەستە، کەمەر بەستە، بە زوویی
ئەو خاکە هەموو دەستە گوڵە، مەیدە بە ئەغیار
هەرکەس کە ببێ مایلی ڕزگاریی قەومی
ئەو ڕۆحە نەفەوتایە سەری توڕڕەیی دڵدار(1)
ئیدراکی نییە، فاقیدی ئەوساف و کەماڵە
بێ مەغزو جهوولە. نییە جێگەی شک و ئینکار
بڕوانە لە هەرسوو بە چ جۆر میللەتی کوردان
مەحکووم و ئەسیرن، کە نەما پایە و میقدار
وەی میللەتی پڕ غیرەتی کورد، وەختی قیامە!
بۆ حیفزی سەرو دین و وەتەن لازمە هاوار
یەک دەفعە بدەن دەستی تەوافوق بە سەداقەت
ئەمڕۆکە بکەن هیممەتێ مەردانە، فیداکار
هەر میللەتێ تەئمین نەکا ئانیەیی خۆی(2)
بێ ڕەیب و گومان مردنی جێگەی شک و ئینکار(3)
هاوسایەکیمان مەردانە بکەن فیکری عەواقیب(4)
سەد حەیفە کە بەم جۆرە ببن تەمبەڵ و بێکار
مەزلوومی و مەحکوومی هەتا کەی؟ ئیدی زووکەن!
(5)............................................................
***
هەی وای وەتەن بۆچی ئەتۆ چوویە دەسی غەیر؟
نفرین دەکەم ئەو عەسرە کە لێی بوویە گرفتار
"تورجانی" لە بەر هێندە خەیاڵاتی بڵاوە
بێ کەیف و دەماخە، نییەتی قووەتی گوفتار(7)

بە داخەوە شیعرەکە باش تۆمار نەکراوە و نیشانەی هەڵە و پەڵەی پێوە دیارە:

1- دوور نییە لە نێوان ئەم فەردە و فەردی دواتردا، یەک یا چەند فەرد کەوتبێ، ئەوەش بە جیاوازیی نێوان واتای شیعرەکاندا دەردەکەوێت
2- داهاتوو
3- دووپات بوونەوەی عیبارەتی" جێگەی شک و ئینکار" لێرەو لەچوار فەرد پێشتر نیشانەی وردنەبوونەوە لە تۆماری شیعرەکەیە، دەنا وێ ناچێت شاعیری بە ئەزموون کاری وا بکات.
4- کێشی شیعرەکە و واتاکەشی تەواو نییە.
5 - لێرەدا بەزەقی دیارەکە لەتکە شیعرێک داکەوتوە.
6- شیعرەکە چ لە باری ناورۆک و چ لە باری فۆڕمەوە نزیکە لە شیعری فارسی سەدەی مەشرووتەی ئێران



## تورجانی

ئێوی مەلا محەمەکوری مەلا محمد حسین ، کوری مەلا عەلی قزلجی ، کوری مەلا محمد کوری مەلا عەلی* ، ناوی خانەوادەگیان قزلجییە ، لە (١٤) محرم ساڵی (١٣١٣) ی هجری دا لە سابڵاغ لە دایك بووە ، تە حصیلاتی لە خزمەت باوکی دا بوو ، لە (١٨) ساڵی دا ئیجازەی وەرگرتووە .

لەبەرهەمەکانی

١- لە موادی احوال شخصی لە فەقهی شافعیدا ، لە میسر دایناوە و هێشتا چاپ نەکراوە ، (بەواتا تا ساڵی (١٩٤٤) دا چاپ نەکراوە)

٢- التعريف في أحوال مساجد السليمانية ، لە عیراق چاپکراوە بە زمانی عەرەبییە .

٣- چل فەرموودەی پێغەمبەر ، لە عیراق چاپ کراوە و بە زمانی کوردییە .

ماموستای محمد جمیل رۆژبەیانی سەبارەت بە بەسەرهاتی مەلا محەمەدی قزلجی دەڵێت :- مەلا محەمەدی قزلجی پاش ئەوەی لە کوردستان بە فوتابخانەکان دا گەڕاوە و بووە بە موستەعید ، ڕووی کردۆتە سوریە و لە وێوە چووە بۆ قاهیرە لە سوریە لە لای مەلا کوردەکان و لە قاهیرە ش لە ئەزهەر خوێندوویەتی - کوردستان .

ئەم زانیارانەی سەرەوە ، ماموستا گیو لە ١٩٤٤/٥/٨ لە بەغدادا لە خۆی وەرگرتووە . (کوردستان)



هەی تازە جەوان ، هەستە لە غەفلەت بە بێدار
دەستێ بدەرە دەستەی شمشێری شەرەدار

بۆ دەفعی عەدوت ئەم وەتەنە خوێن بڕێژە
بستێنەوە ئەم مەدفەنەی ئابات بە ئیجبار

ئەم مەوطنی والایە ، کە چاتر لە بەهەشتە
قوربانی بکە ڕوح و حەیات و زەڕ و دینار

ئیفاق بکە دەولەت و سەرووەت بە تەواوی
بۆ ڕێکی ئیفای وەطەن خزمەتی ئەحرار

• • • •

تا چەندە تغافل دەکەی و صەبرو تەحەمول
بۆ حفظی حقوقت بکە کۆشش مەبە بێزار

بۆ حفظی وەطەن هەستە کەمەر بەستە بە زووی
ئەو خاکە هەموو دەستە گوڵە مەیدە بە ئەغیار

هەرکەس کە بێ مایل ڕزگاری قەومی
ئەو رووحە نەفەوتایە سەری تورەی دڵدار

ئیدراکی نیە فائیدی ئەوصافو کە ماڵە
بێ مەغزو جهولە بە جێگەی شك و ئینکار

بڕوانە لە هەر سوو بە چ جۆر میللەتی کوردان
مەحکوم و ئەسیرن ، کە نەما پایە و میقدار

• • •



وەی میللەتی پڕ غیرەتی کورد وەختی قیامە
بۆ حیفظی سەرو دین و وەطەن لازمە هاوار

یەك دەفعە بدەن دەستی تەوافوق بە صەداقەت
ئەمرۆکە بکەن هیمەتی مەردانە فیداکار

هەر میللەتێ تەمیین نەکا ئاتیەیی خۆی
بێ ریب و گومان مردنی جێگەی شك وئینکار

هاوسایەکیان مەردانە بکەن فکری عەواقیب
صەد حەیفە ، کە بەم جۆرە بین تەمبەل و بێکار

مەزلوومی و مەحکوومی هەتاکەی ، ئیدی زووکەن


• • •

هەی وای وەطەن بۆچی ئەتو چویە دەسی غەیر
نەفرین دەکەم ئەو عەصرە ، کە لێی بویە گرفتار

(تورجانی) لەبەر هێندە خەیالاتی بڵاوە
بێ کەیف و دەماخە نییەتی قوەتی گوفتار

## بابەتی پێنجەم

کاک جەعفەر وێنەی بەردی گڵکۆی خوالێخۆشبوو"مەلا عەلی قزڵجی" بۆ ناردووم کە بە داخەوە هیچ نووسراوێکی دیکەی لە گەڵ نییە. بە گوێرەی زانیاریی من، مەلا عەلی قزڵجی، سێهەم ئیمامی جەماعەتی مزگەوتی جامیعی بۆکان بوە کە دوای مەولانا محەممەد حەسەنی باوکی و مەلا عەبدولەحمانی برای بۆتە ئیمام جومعە و دوای ئەویش مەلا محەممەد سادق(قازی کاکە حەمە) ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ.
خوالێخۆشبوو مەلا عەلی قزڵجی باوکی نەمر مامۆستا حەسەنی قزڵجی و بەڕێزان کاک عومەر و کاک عوسمانی قزڵجی یە.
ئەوەش وێنەی گڵکۆکە و دەقی بەردنووسەکە:



**مەلا عەلی قزڵجی**



هوالباقی
آرامگاه مرحوم ملا علی قزڵجی
ولد ملاحسن، ولد ملا علی علامه قزڵجی
بسال 1320 شمسی[1941] در سن 63 سالگی در بوکان
وفات یافت.
روحش شاد و یادش گرامی باد
الفاتحه

## بابەتی شەشەم

کاک جەعفەر هەندێ زانیاری لە سەر ژیانی خوالێخۆشبوو مەلا محەممەد حەسەنی قزڵجی گردوکۆ و پێشکەش کردوە کە لە تەتەڵە یا تابلۆیەکدا بە خەتێکی خۆش نووسراوەتەوە لە سەر گڵکۆی ناوبراو لە گومبەزی سەرداری بۆکان دانراوە. بە تەنیشت تابلۆکەوە وێنەیەکی بچووکی نەمر مەلا حەسەن و هەروەها نیشانەیەکی یادکردنەوە کە لە لایەن"کۆنگرەی رێزگرتن لە لێهاتووانی کورد" ە وە پێشکەش بە بنەماڵەی قزڵجی کراوە، دەبینرێت. دەقی نووسراوەکە بە فارسییە و ئەوەش وەرگێڕاوی کوردییەکەیەتی:

## مەولانا مەلا محەممەد حەسەن قزڵجی



"بسم اللهالرحمن الرحیم

شەرحی حاڵی مەولانا مەلا محەممەد حەسەن ئیبن القزڵجی رۆحمان بە فیدای بێت.

خوالێخۆشبوو مەولانا محەممەد حەسەن ئیبن القزڵجی، کوڕەگەورەی مەولانا عەللامە مەلا عەلی تورجانی لە ساڵی 1274ی کۆچی مانگی [= 1857/8] لە گوندی تورجان لە دایک بوە و لە داوێنی دایک و باوکی بەرێزیدا گەورە کراوە. لە تەمەنی 6 ساڵییەوە لە خزمەت باوکی دەستی بە خوێندن کردوە و سەرەتاکانی سەرف و نەحوو فیقە و عەقایدی لە گەڵ زانستە دینییەکان لە لای باوکی بەرێزی فێر بوە، لە دائیرەی دەرسی باوکیدا گوێڕاگربوە و دوای وەفاتی عەللامەی خوالێخۆشبوو- مەلا عەلی قزڵجی، لە ساڵی 1295ی کۆچی مانگی[= 1878] لە لایەن عالمان و فەقیهانەوە لە جێگەی باوکی دانراوە و بۆ ماوەی 7 ساڵ دارالعلمی تورجانی بەڕێوە بردوە و زانستە ئاینییە باوەکانی بە دەرس گوتۆتەوە.

لە ساڵی 1312ی کۆچی مانگی بەتکاو ڕجای سەرداری شەهید محەممەد حسین خان چۆتە بۆکان و بۆتە ئیمامی مزگەوتی بازاڕی ئێستاکە، تا ئەوەی بە فەرمانی سەرداری شەهید لە ساڵی 1319ی مانگیدا[= 1901/2] مزگەوتی جامیعی ئێستا بناغەی دادەنرێت و لە ساڵی 1321ی مانگی [= 1903/4] کۆتایی دێت و عەللامە مەلا محەممەد حەسەن ئیبن القزلجی دەبێتە یەکەم خەتیب و مودەڕریسی مزگەوتی جامیع و لە ساڵی 1327ی مانگی کۆچی دوایی دەکات [=1909]. سەردار محەممەد حسین خان لە کاتی ناشتنی ئەو بەرێزادا لە لای ئەوانەی وا تەرمەکەیان بەڕێ دەکرد وەسیەت دەکات و دەڵێ لە هەر کوێیەک مردم، لە خزمەت مەلای مەرحووم بمنێژن.
مەشهوورە کە لە کاتی ناشتنی مەرحومی ئیبن القزڵجی دا سەرداری شەهید لە گریاندا دەبێت کە بارانیش دەست بە بارین دەکات. بە سەردار دەڵێن قوربان بۆچی دەگری؟ لە وەڵامدا دەفەرموێت ئاسمان بۆ مەلای من دەگری، بۆچی من نەگریم؟

ئەو پارچە شیعرەی وا لە سەر بەردی گڵکۆی نووسراوە، هی مەرحوومی مەلا محمد سادق قزڵجی ناسراو بە قازی کاکە حەمەی بۆکان- کوڕی خوالێخۆشبوو ئیبن القزڵجی یە و هەروەها گڵکۆی سێ منداڵی[منداڵی مەلا محەممەد حەسەن] کە مەلا عەلی و مەلا محمد سادق و عوززاخاتوون بن، لە لای مەرقەدی ئەوە.


بە هیممەتی نەوەی ئەو خوالێخۆشبوە - جەعفەر قزڵجی 1379[2000 ز]".

وەک گوتم، هاوڕێ لە گەڵ ئەم نووسراوەیە، وێنەی بەردنووسی سەرگڵکۆی خوالێخۆشبوو مەلا محمد حەسەنیش گەیشتۆتە دەستم کە بە گوێرەی کاک جەعفەر پارچە شیعرێکی خوالێخۆشبوو قازی کاکە حەمەی لە سەر نووسراوە، قازی کاکە حەمە کوڕی مەلا محمد حەسەن و باوکی کاک جەعفەرە. شیعرەکە بە فارسی گوتراوە و بە داخەوە بە باشی ناخوێنرێتەوە. بەڵام بەختەوەرانە فۆتۆکۆپی دەقی شیعرەکە بە دەستخەتی قازی کاکە حەمەش لە ناو یادداشتەکاندایە و من لێرەدا بە یارمەتی وەرگرتن لەو فۆتۆکۆپییە شیعرە فارسییەکەش دەنووسمەوە. "ئەنوەر" :

آرامگاه ملا محمد حسن ابن القزلجی

هنا مضجع حبرالزمان — در ثمین گنج ترجانی
وحید عصر و فخر کردستان — مظهر فیض و لطف ربانی
یعنی استاد معقول و منقول — غواص بحر علم و معانی
نال رتبه الفتوی فی الفقه — فاق بالجود علی الاقران
ابن القزلجی، محمد حسن — شعرونظمش را وجدی نشانی
پنجاه و سه سال از عمرش گذشت — کرد بدرود دنیای فانی
سال هفت و بیست، سیصد وهزار — چارم ماه ربیع الثانی.
اینجا مدفنش بوکان مکری است — اسکنه‌الله دارالجنان

لە فۆتۆکۆپییەکەدا ئەم دێرە لە سەرەتای شێعرەکەدا نووسراوە:
" اثر نویسنده که برسنگ مزار مرحوم والد(ره) نوشته شود"
لە کۆتاییەکەشدا هاتوە:
"نوشته محمد صادق قزلجی" .



## بابەتی حەوتەم

خوالێخۆشبوو مەلا محەممەد سادق قزڵجی ناسراو بە قازی کاکە حەمەی بۆکان، ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف و یەک لە چالاکانی سیاسی سەردەمی کۆمار لە بۆکان بوو[1]، کە دوای هەرەسی ساڵی 1946ی کۆمار لە ترسی راونانی رژیمی شا، ماوەی 9 ساڵ پەرەوازەی باشووری کوردستان بوو و لە پەنای بنەماڵەی شێخ مەحموودی نەمر مایەوە و درەنگتر گەڕایەوە بۆکان، هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد و لە گومبەزی سەردار، لە تەنیشت مەلا محەممەد حەسەنی باوکی نێژرا.[2]
کاک جەعفەر کوڕی مەلا محەممەد سادقە و سەبارەت بە باوکی تەتەڵە یا تابلۆیەکی جوانی نووسیوە و لە سەر گڵکۆکەی داناوە. نووسراوە کە بە فارسی و بە خەتی خۆشی کاک مستەفا مەعرووفی[3] نووسراوەتەوە کە وێنەیەکی ئێستا لە بەر دەستی مندایە. لێرەدا تەرجەمەی کوردی نووسراوەکەی کاک جەعفەر دێنمەوە هاوڕێ لە گەڵ تابلۆکە، کە وێنەیەکی خوالێخۆشبوو قازی کاکە حەمەی بە جل و بەرگی رەسمی و بۆین باخەوە(کراوات) لە سەر دراوە. هەروەها وێنەیەکی ناوبراو هی سەردەمی ژیانی لە باشووری کوردستان، وێنەی گڵکۆکەی و دەقی شیعرێکی کوردی دێنمەوە کە بۆ کۆچی دوایی سەیفولقوزاتی گوتوە.



**مەلا محەممەد سادق قزڵجی**
**ناسراو بە قازی کاکە حەمەی بۆکان**

1-ژین نامەی قازی کاکە حەمە نووسینی کاک جەعفەر:

اناالله و انا الیه راجعون
بسم الله الرحمن الرحيم
شەرحی حاڵی جەنابی مەلا محەممەد سادق قزڵجی ناسراو بە قازی کاکە حەمەی بۆکان خوالێخۆشبوو مەلا محەممەد سادق، خاوەن فە زل و زانا و ئەدیب و شاعیر، کوڕی چوارەمی مەولانا محەممەد حەسەن ئیبین القزڵجی[4] ، نەوەی خوالێخۆشبوو مەولانا عەللامە مەلا عەلی قزڵجی تورجانی، لە ساڵی 1279ی هەتاوی[= 1900] لە بۆکان لە دایک بوە و لە داوێنی دایک و باوکی بەڕێزیدا پەروەردە کراوە. لە تەمەنی 5 ساڵیدا بە هۆی هۆش و هزری زۆرەوە لە مەکتەبخانەی ئەو دەم لە لای"شێخ مەلا سەبید[5]" – ئیمامی جەماعەتی مزگەوتی ئێستای بازاڕ دەستی بە خوێندنی ئەلف و بێ و قورئان و تەجوید کردووە و دەرسی سەرف و نەحو و گوڵستان لە خزمەتی باوکی بەڕێزی فێر بوە. دوای کۆچی دوایی مەولانا محەممەد حەسەن چۆتە گوندی باغڵووجە[6] و لە خزمەت مامۆستای بەڕێز جەنابی مامۆستا سەیید عەبدولکەریم مودەڕڕسی[7] زانستی ئایینی و علوومی فیقە و ئوسووڵ و مەنتیق و فە لسەفە و کەلامی خوێندوە و ئیجازەنامەی فەقاهەتی هەر لەو وەرگرتوە، ئینجا گەڕاورەوە شوێنی لە دایک بوونی خۆی واتە بۆکان. لە ساڵی 1311[1932] چۆتە مەهاباد، لە تاقی کردنەوەی"سەردەفتەریی" دا بەشداریی کردوە و وەرگیراوە. ئینجا لە لایەن دائیرەی گشتی"ثبت اسناد"ی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاواوە، وەک سەردەفتەری ئەسنادی رەسمی ژمارە 12 و دەفتەری مارەیی و تەڵاقی ژمارە 4 دامەزراوە و بە هۆی لێهاتوویی زۆر و زانینی زانست و هونەری داوەرییەوە، خە ڵک نازناوی" قاضی شەرع"یان پێدا و بەڕێوەبردنی کاروباری شەرعی و عورفی و راگەیشتن بە ئیش و کاری کۆمەڵایەتی شارو ناوچەی پێ سپێرراوە. لە بەر ئەوەی ناسیاویی زۆری لە گەڵ بارودۆخی ناوچە و کۆمەڵانی خەڵک هەبوو، لە گەڵ مەلا و عالم و کەسانی وەک"مەلا ئەحمەدی

فەوزی" ئیمام جومعەی گوندی حاجی کەند[8] دا ناسیاوی پەیداکرد و کەوتە ژێر کارتێکەریی بیر و بۆچوونی ئەو و بە پێچەوانەی فەرمانی حکوومەتی تاغووتی ڕەزاخانی، گەلێک خەریکی کاری کۆمەڵایەتی بوو. خوالێخۆشبوو مەلا محەممەد سادق قزڵجی لە ساڵی 1320 [1941] و دوای کۆچی دوایی برای بەڕێزی واتە جەنابی مەلا عەلی، کرایە جێگری ئەو و ئەرکی ئیمامی جەماعەت و خەتیبی مزگەوتی جامیعی[بۆکانی] پێ سپێررا.
ناوبراو بە هۆی هاوبیری و هاوکاریی لە گەڵ حزبی دێموکرات، دوابەدوای هەرەسی کۆماری کوردستان کەوتە بەر راونانی رژیمی تاغووتی محەممەد رەزا پەهلەوی و لە نیشتمان ئاوارە بوو. چوو بۆ عێراق و لەوێ وەک پەنابەری سیاسی لە خزمەت حەزرەتی شێخی نەمر مەلیک مەحموودی هەمیشە زیندوو، ماوەی 9 ساڵ لە بارەگاکەیدا مایەوە تا لە مانگی جوزەردانی 1336[مەی وجوونی 1957] گەڕایەوە زێدی خۆی[9]، سەرەتا حکوومەتی تاغووتی بۆ ماوەیەک زیندانی کرد و لە کۆتاییدا ئازادی کرد بەڵام جل و بەرگی رۆحانیەتی لە بەر داکەند. ناوبراو لە رۆژی 1338/6/17[1959/9/8] کۆچی دوایی کردو لە تەنیشت مەرقەدی باوکی بەڕێزی لە هەیوانی گومبەزی سەردار نێژرا، رۆحی شادبێت. کوڕانی ناوبراو بریتین لە: مەلا سەدیق، مەلا محەممەد و جەعفەری قزڵجی.

هۆکاری نووسین: بە هیممەتی جەعفەری قزڵجی
خەت: مستەفا مەعرووفی
تەئریخ: 10ی سەرماوەزی یەک هەزار و سێسەد و هەشتاد
[ 2001/12/1 زایینی]، بۆکان

2-کاک جەعفەر جگە لەو وێنەیەی کە بە سەر نووسراوەکەوە دراوە، وێنەیەکی دیکەی خوالێخۆشبوو قازی کاکە حەمەی بۆکانی بۆ ناردووم بە جل و بەرگی کوردییەوە کە بە شێوازی بەستنی پێچ و کڵاوەکەیدا وێدەچێت هی سەردەمی ئاوارەیی و ژیانی لە بارەگای شێخی بەردەقارەمان بێت. لە پشت وێنەکەش ئەم چەند دێرەی نووسیوە:

" وێنەی قازی کاکە حەمەی قزڵجی، لە سلێمانی گیراوە، کەواو پانتۆڵێ کە لە بەری دایە، میرزا عەبدوڵڵای حاجی ئەحمەد[سوڵتانی][10]دروویەتی هەتا لە عێراق بوو، هەموو ساڵێک بۆی دەدروو و بۆمان دەنارد. جەعفەر قزڵجی"

3-کاک جەعفەر هەروەها وێنەیەکی بەردی گڵکۆی قازی کاکە حەمەی ناردوە کە ئەم دێرانەی بە فارسی لە سەر نووسراوە:
" هوالباقی
آرامگاه مرحوم
ملا محمد صادق قزلجی
قاضی کاکە حەمە بۆکان
ولد ملا محمد حسن ولد ملا علی قزڵجی
در سن 58 سالگی
متوفی به تاریخ 15 شهریور 1338 شمسی
روحش شاد و یادش گرامی باد
الفاتحە."
4-کاک جەعفەر فۆتۆکۆپی پارچە شیعرێکی قازی کاکە حەمەشی بۆ ناردووم کە بە بۆنەی کۆچی دوایی نەمر سەیفولقوزاتەوە نووسیویەتی[ساڵی 1323=1944]. من دەقی ئەو شیعرە لێرەدا دەهێنم، بەڵام بۆ ئاگاداریی خوێنەران دەڵێم کە ئەو شیعرە ناتەواوە و من دەقی سەرجەمی شیعرەکەم کە مەسنەوییەکی 62 فەردییە لە بەر کەشکۆڵی"مەلا بابەوەیسی عوسمانی" نووسیوەتەوە و ناردوومە بۆ گۆڤارێکی کوردی ناوخۆی وڵات. ئەم فەردانەی لێرەدا دەبینرێن، بەشێکیان لە مەسنەوییەکەدا هاتوون و بەشێکیشیان نین. بۆ ئەوەی بابەتەکان تێکەڵاو نەبن، من لێرەدا هەر ئەو دەقە بڵاودەکەمەوە کە کاک جەعفەر بۆی ناردووم.

پەراوێز

1- بڕوانە وتاری"ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف لە بۆکان" نووسینی ئەنوەر سوڵتانی، ماڵپەڕی گزینگ، 2006
2- سەبارەت بە ماوەی ژیانی قازی کاکە حەمە لە باشووری کوردستان، بڕوانە چێشتی مجێوری مامۆستا هەژار (ل 107)
3- خوزگە کاک جەعفەر سەبارەت بەو هونەرمەندە خەت خوشەش، بابەتێکی دەنووسی و بۆی دەناردین.
4- کاک جەعفەر تەنیا ناوی 3 کوڕی مەلا محەممەد حەسەنی هێناوە(بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم زنجیرە وتارە). پێویستە ناوی کوڕی چوارەمیشی بزانرێت کە مەلا محمد رەحیمە
5- زانیاری لە سەر ئەم زاتەش پێویستە هەبێت.
6- گوندی"باغلووجە" کەوتۆتە نێوان بۆکان و سەقز و لە تورجان دوور نییە. خوالێخۆشبوو مەلا محمد سادقی باوکی کاک جەعفەر و مامۆستا مەلا شێخ حەسەنی کازیمی لەو گوندە ژیاون و مەلایەتییان کردوە. کاتێکیش کە من لە ساڵی 1341[1962]دا بووم بە مامۆستای قوتابخانە، بۆ یەکەم جار ناردیانمە ئەو گوندە و قوتابخانەکەم لە کاک جەعفەرتەحویل وە رگرت، و ا تە کاک جەعفەریش لە هەمان ئەو گوندە مامۆستایی کردوە کە باوکی مەرحوومی مەلا و پێش نوێژی بوە.
7- زانیاری لە سەر ئەو زاتەش پێویستە.
8- مامۆستای شاعیری میللی کورد هێمن موکریانی. بۆ باسی"فەوزی" بڕوانە سەرەتای تاریک و روونی مامۆستا هێمن و چێشتی مجێوری مامۆستا هەژار.
9- من رۆژی گەڕانەوەی قازی کاکە حەمە و مەلا سەدیقی کوڕیم لە بیرە. ئەو دەم قوتابی قوتابخانەی ناوەندی بووم لە بۆکان. ئەو رۆژە لە شاریدا وەک رۆژی جەژن وابوو.
10- نیاز باوکی منە، کە بەرگدرووی تایبەت بوو و گەلێک لە ناسراوانی بۆکان و ناوچەکە کەواوپانتۆڵی دەست درووی ئەو نەبووایە لە بەریان نەدەکرد. ئەنوەر



شێعری مەلا محەمەدسادق قزلجی (قازی کاکە حەمەی بۆکان)

لە شیوەنی کۆچی دوایی سەیفولقوزات دا


لە خەودا پێی وتم پەیکی خەبەر وێژ
بە نێو جەماعەت راکا، هەراکا
کە هەڵسام لە خەو وەهۆش هاتمەوە
هاتیف سەدای کرد برۆ لەسەر چەم
چوومە سەرچۆم و چۆمیش قوراوبوو
چوومە نێو خەڵکی عالەمیش ماتە
مەحزوون دەیانگوت لاوی جوانم رۆ
کوڕە گەورەکەی نیشتیمانم رۆ
پیرە مەگەدروون سولەیمانیم رۆ
کەس وەک ئەو نەبووە قەت نابێتەوە
هومێدم وایە لەمە بەو لاوە
کوڕە گەورەکەی عەقڵی تەواوە
ئەو پارە پیسەی حاکم پێی دەدا
قزلجی بەسیە لێی حاڵی دەبێ
خۆ بکا بە کوڕی دایکی نیشتیمان
ڕەحمەت لە قەبری بە جەننەت شاد بێ

هەڵسە مەوێستە بڵێ بە بانگ وێژ
بڵێ مەردی چاک نزیکە وەفات کا
شوکری خودام کرد بە ماتەمەوە
لێت حاڵی دەبێ ئەو غەم و ماتەم
هەروەک دڵی من پڕ لە لێڵاو بوو
ئێمرۆ وەفاتی سەیفولقوزاتە
قورئان خوێنەکەی سبەینانم رۆ
زانا گەورەکەی کوردستانم رۆ
سەرۆک خۆ وێژان موکریانیم رۆ
بە ماڵ و بە زێڕ ناکرێتەوە.
جێی خاڵی نەبێ لەم لاو ئەو لاوە
سەبرو حەوسەلەی لە لا نەماوە
لێی دەس هەڵگرێ خودا پێی دەدا
حوکمی خودایی دەبێ هەر ببێ
ڕۆحی شاد ببێ بە باغی ڕیزوان
کوڕەکانیشی ڕۆحیان ئازاد بێ

* * *





## بابەتی هەشتەم

کاک جەعفەر کارێکی نایابی کردوە بە کۆکردنەوەی زانیاریی و نووسین سەبارەت بە ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزی قزڵجی و تورجانی. بەڵام بەداخەوە باسێکی لە ژنانی زانا و خوێندەواری بنەماڵەکە نەکردوە بۆ نموونە هیچی لە سەر "دایە سەید" یا"سەیدزادەی گەورە" نەنووسیوە کە کەسایەتیەکی جێگەی ڕێزی شاری بۆکان بوو و زۆرێک لە کچان و ژنانی ناوچەکەی فێری خوێندن کرد بەڵام کاری باشی ئەوەیە لە پێوەندی مەرحوومی قازی موکریدا، لە"مەلائایشێ"ی دایکی دواوە، یاخود بە بۆنەی مەلا ئایشێیەوە ژین نامەی بۆ قازی موکریش پێک هێناوە. بەو هیوایەی کە کاک جەعفەر ئاوڕ لە ژنانی بەڕێزی بنەماڵەی زانایانی تورجانی و قزڵجی بداتەوە، لێرەدا تەرجەمەی دەقی ئەو نووسراویە دەهێنمەوە کە بۆ قازی موکری نووسیوە. مەرحوومی قازی موکری لە گومبەزی سەردار، لای گڵکۆی ناودارانی بنەماڵەی قزڵجی نێژراوە و وێنەی بە سەر نووسراوەکەی کاک جەعفەرەوەیە:



### سەیید محەممەد موحسین قازی موکری
### (قازی شێخ موحسین)

بسم الله الرحمن الرحیم


خوالێخۆشبوو سەیید محەممەد موحسین قازی موکری(قازی شێخ موحسین)، کوڕی خوالێخۆشبوو سەیید محەممەد و خوالێخۆشبوو مەلا عایشەی قزڵجی، لە ساڵی 1263[1884] لە دایک بوە و لە ساڵی 1332[1953] کۆچی دوایی کردوە. خوالێخۆشبوو شێخ محەممەدی باوکی نازناوی"سەیید کازم"ی هەبوە و کوڕی خوالێخۆشبوو سەیید محی الدین بوە کە بە گوێرەی شەجەرەنامە، دەچێتەوە سەر حەزرەتی سید الشهدا ئیمامی حوسین سڵاوی خوای لێ بێت. خوالێخۆشبوو سەیید محەممەد لە گوندی نوورەباب و کەرێزەی نزیک سلێمانی عێراق هاتۆتە دنیا و لە ساڵی 1260[1881] لە خزمەت خوالێخۆشبوو مەلا عەلی قزڵجی درێژەی بە دەرس خوێندن داوە و ئیجازەی فەتوا و دەرس گوتنەوەی لەو وەرگرتوە.

پێگەی زانستی و ئەخلاقی باشی ناو براو جێگەی پەسندی خوالێخۆشبوو مەلا عەلی قزڵجی بوە و کچەکەی خۆی بە ناوی مەلا عایشەی تورجانی کە زانا و خاوەن فەزل بوە و لە خزمەت باوکی هەموو زانستی باوی خوێندوە، لێ مارە دەکات. خوالێخۆشبوو شێخ محەممەد لە گوندی شاریکەندی سەر بە بۆکان خەریکی دەرس گوتنەوە دەبێت و هەردوکیان لەوێ دەنێژرێن.(1)

خوالێخۆشبوو قازی شێخ موحسین خوێندنی لە خزمەت دایک و باوکی دەست پێ دەکات و لە خزمەت خوالێخۆشبوو مەلا محەممەد حسین و جدی قزڵجی درێژەی پێ دەدات، ئیجازەی فەتوا و دەرس گوتنەوە وەردەگرێت و دوای مردنی دایک و باب، ماوەیەک لە گوندی شاریکەند خەریکی دەرس گوتنەوە و فەتوا بوە، پاشان خوالێخۆشبوو سەردار حەمەحسین خانی موکری بانگی کردوە بێت بۆ بۆکان و مزگەوت و قوتابخانەی بۆ بنیات ناوە و ئەویش تا ساڵی 1305 [1926] خەریکی دەرس گوتنەوە و قەزاوەت بوە. پاشان چۆتە مەهاباد و تا ساڵی 1332[1953] ئەرکی قەزاوەت و دەرس گوتنەوەی لە مزگەوتی جامیعی مەهاباد و بەڕێوەبردنی کاروباری فەقاهەت و سەردەفتەری لە ئەستۆ بوە.

لە مانگی شەهریوەری ساڵی 1332[ئۆگوست و سپتەمبری 1953] لە بۆکان کۆچی دوایی کردوە و لە گۆڕستانی سەردارانی بۆکان و لە تەنیشت خوالێخۆشبوو مەلا حەسەنی وەجدی قزڵجی نێژراوە.
خوالێخۆشبووی ناوبراو، فەقیهێکی بەڕێز بوە و شارەزایی زۆری لە فیقە و ئوسوولی ئیسلامدا هەبوە و کەسێکی خۆش سیما و نوورانی و گەلێک بەخشندە بوە و لە میوانداریدا ناوێکی تایبەتی هەبوە.

1- تائێرە باسی ژیانی شێخ محەممەدی باوکی قازی موکرییە و هەر ئەویشە کە لە گەڵ مەلا عایشە لە گوندی شاریکەند نێژراوە.(ئەنوەر)



بسم الله الرحمن الرحیم

مرحوم سید محمد محسن قاضی مکری (قاضی شیخ محسن) فرزند مرحوم سید محمد و مرحوم ملا عایشه قزلجی متولد سال ۱۲۶۳ و وفات ۱۳۳۲ که مرحوم شیخ محمد پدرش ملقب به سید کاظم فرزند مرحوم سید محی الدین و برابر شجره نامه بمرحوم حضرت سید الشهید امام حسین علیه سلام میرسد و مرحوم سید محمد در روستای نوره باب و کهریزه نزدیک شهر سلیمانیه عراق متولد و در سال ۱۲۶۰ که در خدمت مرحوم ملا علی قزلجی ادامه تحصیل بدهد و اجازه فتوی و تدریس را میگیرند و پایه علمی و اخلاق حسنه ایشان مورد پسند مرحوم علامه ملا علی قزلجی میگردد دختر خود را بنام ملا عایشه ترجانی که دانشمند و فاضل بوده و از محضر پدرش در همه علوم متداول استفاده کرده به عقد مرحوم شیخ محمد در می آورد و در روستای شهریکند از توابع بوکان بامر تدریس اشتغال و در آنجا هر دو مدفون می باشند و مرحوم قاضی شیخ محسن تحصیلات خود را در محضر والدین آغاز و در خدمت مرحوم ملا محمد حسین و جد قزلجی ادامه و اجازه فتوی و تدریس را گرفته و پس از مرگ والدین در قریه شهریکند مدتی به تدریس و فتوی پرداخته و بعدا مرحوم سردار محمد حسین خان مکری او را به بوکان دعوت و مسجد و مدرسه را برای ایشان احداث و در آنجا تا سال ۱۳۰۵ به امر تدریس و قضاوت مشغول و بعدا به مهاباد آمد و تا سال ۱۳۳۲ شغل قضاوت و تدریس در مسجد جامع مهاباد و انجام امور فقهی و سردفتری پرداخته و شهریور سال ۱۳۳۲ در بوکان دار فانی را وداع و در آرامگاه سرداران بوکان در جوار مرحوم ملا حسن وجد قزلجی مدفون گردید و آن مرحوم فقیه جلیل القدر در فقه و اصول اسلامی تسلط زیادی داشته و شخص خوش سیما و نورانی و طبع بسیار بخشنده را داشته و در مهمان نوازی شهرت خاصی را دارا بوده اند.

.به همت جعفرقزلجی.

## بابەتی نۆهەم

کاک جەعفەر جگە لەو بابەتەی وا لە سەر بنەماڵەی قزڵجی و تورجانی نووسیون، پارچە شیعرێکی بڵاونەکراوەی سەربازێکی ون و خەباتکارێکی نەناسراوی گەلەکەمانی کردۆتە هاوپێچی یادداشتەکان کە لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە. شاعیر، ناوی"کەریم موکری یار"، خەڵکی مەهابادە کە لە بۆکان دەژیا و جل و بەرگی کۆنی دەفرۆشت و دوو سێ ساڵ پێش ئێستا کۆچی دوایی کرد و لە بۆکان نێژرا.

## کەریم موکری یار



بە گوێرەی ئەو زانیارییەی وا کاک جەعفەر لە سەر تەلەفون پێیدام، نەمر میرزا کەریمی موکری یار ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بوە و پاشان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بۆتە پێشمەرگە و دوای هەرەس هێنانی دەسەڵاتی کوردی پەنای بردۆتە بەر ئاغاواتی قارەمانی و لە گوندی تازەقەڵای نێوان بۆکان و مەهاباد گیرساوەتەوە. درەنگتر هاتۆتە بۆکان و تا ساڵی پێرار کە کۆچی دوایی کرد، لەوێ ژیاوە و هەر لەوێش سەری ناوەتەوە. کاک جەعفەر گەلێک باسی هەستی خاوێنی کوردایەتی میرزا کەریمی دەکرد و گوتی دوو کوڕی لە پاش بەجێ ماوە، ئەم شیعرەشی چوار ساڵ پێش ئێستا بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە و داویەتە کاک جەعفەر.

شیعرەکە چوار خشتەکییە کە پێک هاتوە لە 13 بەند و سەبارەت بە ئیعدامی پێشەوا قازی محەممەد، میرزا ابولقاسم سەدری قازی و حەمە حسین خانی سەیفی قازییە لە بەهاری ساڵی 1947 لە مەهاباد. هەستێکی خاوێن و ساکاری کوردایەتی تێدایە و شاعیر بە تایبەت گازندەی لە کەسانەیە وا فەتوای کوشتنی پێشەوایان داوە و ناوی دوو کەس دەبات کە دەگوترێ لەم بارەیەوە دەوریان بینیوە. هۆی چاپ کردنی شیعرەکە لە لایەن منەوە ئەوەیکە یەکەم، یادداشت و بەڵگەنامە نێردراوەکانی کاک جەعفەر دەستکاری و سانسۆر نەکەم، دووهەم سەربازێکی ونی گۆڕەپانی کوردایەتی بە خەڵک بناسێنم و سێهەمیش وەک کەسێک کە قوتابی قوتابخانەی مێژووە مافی ئەوە بە خۆ نادەم کە بەڵگەنامەیەکی مێژووی هاوچەرخی گەلەکەمان بە بێ بایەخی سەیر بکەم و بەرگری لە بڵاوکردنەوەی بکەم. لە عەینی کاتدا هیوادارم گلەیی و گازندەی شاعیرانەی میرزا کەریم نەبێتە هۆی دڵ ئێشی و نارەزایی بنەماڵەی ئەو کەسانەی وا ناویان لە شیعرەکەدا هاتوە، بە گشتی، کای کۆن بەباکردن نابێ ببێتە هۆی ئاژاوەی نوێ، ئەویش لەم کاتە ناسکەدا کە گەلی کورد زیاد لە هەموو کاتێکی دیکە پێویستی بە یەکیەتی هەیە و هیچ دیاردەیەک نابێ یەکگرتوویی ریزە کانی تێک بدات.

سەبارەت بە شیعرەکە پێویستە بڵێم هەندێک کەم و کورتی و لەنگی پێوە دیارە و وێ دەچێ میرزا کەریم شاعێرێکی زۆر بەئەزموون نەبووبێت، زمانی شاعیر هەندێ توند و تیژە- چ سەبارەت بە کورد و چ کاتێک کە باسی شیعە و عەجەم و ژن دەکات. هێرشکاری و زمانی توندی شاعیر واتای ئەوەی نییە کە ئێمەش لەو خاڵەدا لە گەڵ شاعیر هاوبەش بین. من هەندێ روونکردنەوە سەبارەت بە شیعرەکان دەکەمە پەراوێز و بە شوێن شیعرەکەدا دەینووسم، هەروەها عەینی دەستخەتی نەمر میرزا کەریم لە چوار لاپەڕەدا بڵاودەکەمەوە.

به ناوی خوای بەرزو بێ هاوتا

ناڵه و سکاڵای(1) تەیرێک بۆ سی شەهیدی نەمر
قازی موحەممەد(2)، سەدری قازی(3)، و حەمه حوسێن خان[ی سەیفی قازی]

بەندی 1

تەماشام کرد تەیرێک بوو دەیگوت:" رێم له بەر ناچێ
ئەو زوڵمەی ئەورۆ دیومە، حەشریش له دڵم دەرناچێ
کوردیان ئیعدام دەکردن، عەجایب کورد پێ ناچێ!
بێت و کورد غیرەتیان بێ، قەت قەت له بیریان ناچێ

بەندی 2

" هەرچەند تەیریشم ئەمما دەروونم وەک کەبابە
بۆیه هێنده پەرۆش بوون کەس نەبوو مەیتیان لابا(4)
ئەوەی کوشتنی[و] ئەوانەی فتوا[ی] دابێ ، کەززابە
دەبوو زابا و بەرباوێ نەک ئەو فتوایەی دابا(5)

بەندی 3

" تەماشام کرد مەیتێک بوو، دەیگوت: خوێنم له جۆشه
له سەر کوردان کووژراوم، مەڵێن که پێی ناخۆشه
کوردێکی دێموکڕاتیم، کووژرانم پێ ناخۆشه
ئەمما حەیف کووژراوی کوردێکم کوردفرۆشه.

بەندی4

مەیتێکی دی لەولای وی دەیگوت کەنگێ هەڵدەستم؟
له سەر قەومی کوردەکان براوه سەر و دەستم
دوژمن! که تۆ بمکووژی، پێشمەرگەم، چ دەربەستم؟
ئەمما حەیف کووژراوی کوردی دوژمن پەرستم

بەندی 5

مەیتێکی دی لەولای وان دیتم هەڵاوەسراوه
له چوارچرای مەهاباد(7)، دەست و چاوی بەسراوه
هاواری کرد: براکان! خوێنی منه، رژاوه
له سەر گەل و نیشتمان کفنی سوورم پۆشاوه

بەندی 6

ئەمجار لێگرا دەیانگوت هاوار یەخسیرودیلین
بریندار و خوێناوی، بێ کفن و قۆڵ و پیلیین
له ژێر دەستی دوژمنان ئەورۆ چ بکەین، زەلیلین
کووژراوی"شێخ ره جیم" و فتوای"مەلا خەلیل"ین

بەندی 7

مەلا خەلیل! چەند ساڵێک لەمە و پێش بیرت نایە؟
دەستت دابوە قورئانی، دەتگوت(8) ئەمری خوادایە
کافر و بێ تەڵاقە، هەر کەسێ"عەجەم خوا"یە(9)
دەیاڵڵا قەومی کوردان! عەجەم کوشتن خەزایە"(10)

بەندی 8

دەتگوت عەجەم کوشتن[و] ژن و ماڵیان حەڵاڵە(11)
ئەوەی کە دۆستی وان بێ، بێ شک دینیان بەتاڵە
ئەورۆش بۆخۆت عەجەم خوای، جا مەلا! ئەوەحاڵە؟
مەگەر دینی تۆ مەلا! بە ڕۆژ و مانگ و ساڵە؟

بەندی 9

ئێستا بۆخۆت عەجەم خوای، عەجەمت پێ برایە
زیارەت کردن[ی] تاران لە کنت کابەتوڵڵایە(12)
بێ مرووت! با سوئال کەین لە مەلای رووی دونیایە:
ئایا دوو ڕوو و دوودڵی لە چ دینێکی دایە؟

بەندی 10

دوێنێ چۆن بووی، نامەلا! ئەورۆ بۆ دەبێ وابێ؟
خاوەنی ریش و بەرماڵ، لەلای خۆشت مەلابی
شەرمێکت لە خودا کردبا، نەبووبای بەوەهابی
لە دونیادا مەعلووم بوو کە دوو دینی و کەززابی

بەندی 11

مەلا خەلیل! پێم وابوو سوننی و عالمی زەمانی
ئاباو ئەجدادت کورد بوون، تۆشم بە کورد دەزانی
نەمزانی باتین شیعە و شیعێکی بێ ویژدانی
بەرتیل خۆر و جاسووس و زیددی قەومی کوردانی

بەندی 12


بە خۆت و بە رەجیمی، بە پڕوپووچی و مەهتووکی
زۆرو کرد بۆ دوژمنان، ژن سازکەری و بەربووکی
تا قەومی کورد و فەوتاند لە گەورە ڕا تا چووکی
بە بێ شەرمی، نامەردی، دەڵاڵی و حیزی و سووکی


بەندی 13
بە خۆت و بە "ڕەجیم"ی، ئەی ئاخوندی میرئاوێ!
فتوا و دا کورد نەمێنێ، کورد و دەخستە داوێ
رەدووی دوژمنان کەوتن وەک ژن کە مێردی ناوێ
هەرچەند زیاتر هەڵدەگرن"کەریم"! مەیلێ، پێی ناوێ

" ئەم هەڵبەستەی سەرەوە بە ناوی"تەیرێکی دڵ سووتاوی باڵشکاو" پێشکەش دەکە م بە برای خۆشەویستم کاک جەعفەری قزلْجی، ئاواتە خوازم جێگای رێز و حورمەت بێ و بەهرەی لێ وەرگرێ والسلام.
برای بچووکتان
کەریمی موکری یار"

پەراوێزەکان

1- لە دەستخەتەکەدا وەک سوکالا نووسراوە
2- لە دەستخەتەکەدا قازی لە موحەممەد جیا کراوەتەوە.
3- شاعیر وەک"صدرالاسلام"ی نووسیوە
4- لابە
5- دابە
6- وێ
7- مەهابات
8- دەتکوت
9- نیاز لە عەجەم حکوومەتی عەجەمان واتە دەوڵەتی ئێرانە
10- دیارە نیاز لە حکومەتە نەک خەڵکی ئاسایی
11- بە هەمان شێوە، ئیشارەیە بە شەڕی مەلا خەڵیلی گۆڕۆمەری لە گەڵ سوپای ئێران و فەتواکەش سوپاییەکان دەگرێتەوە
12- شیعرەکە لەنگییەکی کێشی تێدایە.





## بابەتی دەهەم

هەموو ئەو بابەتانەی وا رێزدار کاک جەعفەر لە سەر مێژووی سەردارانی بۆکان و هەروەها بنەماڵەی بەڕێزی قزڵجی بۆی ناردبووین لە بەشەکانی پێشووی ئەم زنجیرە وتارەدا بڵاوکرانەوە.
بە یارمەتی وەرگرتن لە وتارەکان و سەرچاوەی تر ئێمە دوو شەجەرەنامەمان بۆ سەردارانی بۆکان و بنەماڵەی قزڵجی دروست کرد و لە ئەندامانی بنەماڵەی قزڵجی وخەلکانی تر تکا دەکەین تەواوی بکەن واتە باپیرانی پێش عەللامەی قزڵجی و هەروەها دوای مەلا عەلی و قازی کاکە حەمە بە تایبەت مامۆستای جێگەی رێزی هەمووان- شەهید مەلا حەسەنی قزڵجی کە لە زیندانی مەلایانی حاکمی ئێراندا گیانی بەخت کرد، هەروەها مەلا و خوێندەوارەی ژنی ناو بنە ماڵەکە وەک- مەلا ئایشێ و سەییدزادەی گەورە بناسێنن.
هەروەها گرنگە لە پێوەندی ئەواندا بنەماڵەی زانیارانی تورجان و زەمبیل بناسرێن.

**1- سەردارانی بۆکان**

عەزیزخانی سەرداری کولل(1790- 1870)

↓

سەیفەدین خان کوڕی عەزیزخان (1863-1890)

↓

حەمە حسێن خان کوڕی سەیفەدین خان(1880-1914)

↓

عەلی خان کوڕی حەمە حسێن خان( ساڵی 1932 کۆچی دوایی کردووە)

**2- بنەماڵەی قزڵجی**

مەلا عەلی(عەللامەی قزڵجی)

↓

مەولانا مەلا محەممەد حەسەن

↓

مەلا عەبدولرەحمان

مەلا عەبدولرەحیم

مەلا عەلی

مەلا محەممەد سادق
(قازی کاکە حەمەی بۆکان)

مەلا محەممەد سادق ↓

مەلا سەدیق

مەلا محەممەد
(وەجدی)

مەلا جەعفەر

مەلا عەلی ↓

مامۆستا مەلا حەسەن

مەلا عومەر

مەلا عوسمان

## بۆچوونێک
## به بۆنەی یادداشتەکانی کاک "جەعفەری قزلْجی"یەوە

ئەو باباتەی کاک جەعفەر بە گشتی لە سەر بنەماڵەی خۆیان، گومبەزی سەردار و مزگەوتی بۆکان ئامادەی کردبوون لێرەدا کۆتاییان هات، بەڵام بە تەواوبوونی ئەوان، سەرەتایەکی گەورە و گران بۆ کارێک دامەزراوە کە تائێستاکەم تەرخەمی لێ کراوە ئەویش ئەو راستیەیە کە لە شاری بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری- بۆ نموونە لە تورجان و حەمامیان و بورهان و قەڵای رەسووڵە سیت و گەلێک گوندی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی وەک ئاڵبلاغ و سلێمان کەندی و سەراو و کولتەپەی عەزیزئاغا، خەڵکانی ناودار و ئەدیب و شاعیر و خاوەن بەهرەی گەورە ژیاون و نێژراون. ئاوڕدانەوە لەو کەسانە ئاوڕدانەوەیە لە مێژووی فەرهەنگی گەلەکەمان.
تکا لە کاک جەعفەر و خەڵکانی شارەزای دیکە دەکەین هەرچەشنە زانیارییەکیان سەبارەت بەو سەربازە ونانەی خەباتی فەرهەنگی گەلەکەمان هەیە بە نووسراوە، وێنە و بەڵگەنامەی دیکەوە ئاگادارمان بکەنەوە. بۆ نموونە گەلێک کەسایەتی ناسراو لە گومبەزی حەمامیان نێژراون و گڵکۆی زۆرێک لەو کەسایەتییانە خۆیان کارێکی هونەرین، کە دەبێ خاوەنیان و تەئریخی خوڵقاندنیان رابگەیێنرێت بۆ ئەوەی لە فەوتان یاخود بێ ناوی و ونی رزگار بکرێن.
هیواداریین لاوانی دڵسۆزی گەل لە زیندووکردنەوە و زیندووراگرتنی ناوی ئەو قارەمانانە دەورببینن و ئەوەندەی بۆیان دەکرێت بەڵگەنام لە سەر ئەو کەسانە کۆبکەنەوە و بە ئیمەیل بۆ ئێمەی بنێرن تا بە ناوی خۆیانەوە بڵاوی بکەینەوە. ناوچەی بۆکان ناوچەی زانست و هونەرە با ئەو راستیە لە هەمووان ئاشکرا بکەین.

ماڵپەڕی بۆکان- رۆژهەڵات